نابێت ئافرەتێک (پێشووتر هاوسەرگیری کردبێت) مارە بکرێت هەتا فەرماندەکات بە ڕازی بوونی لەسەر ئەم هاوسەرگیرییە، ونابێت کچێک (پێشووتر هاوسەگیری نەکردبێت) مارە بکرێت هەتا ئیزن وڕوخسەتی لێوەردەگیرێت، ووترا: ئەی پێغەمبەری خودا، چۆن ڕوخسەت لە کچکەکە وەردەگیرێت؟ فەرمووی: ئەگەر بێدەنگ بوو

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «نابێت ئافرەتێک (پێشووتر هاوسەرگیری کردبێت) مارە بکرێت هەتا فەرماندەکات بە ڕازی بوونی لەسەر ئەم هاوسەرگیرییە، ونابێت کچێک (پێشووتر هاوسەگیری نەکردبێت) مارە بکرێت هەتا ئیزن وڕوخسەتی لێوەردەگیرێت»، ووترا: «ئەی پێغەمبەری خودا، چۆن ڕوخسەت لە کچکەکە وەردەگیرێت؟ فەرمووی: «ئەگەر بێدەنگ بوو».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

گرێبەستی هاوسەرگیری گرێبەستێکی جدی ومەترسیدارە، چونکە پیاو بەم گرێبەستیە ئەو شتە بۆ خۆی حەڵاڵ دەکات کە ئافرەت لە هەموو شوێنێکی تری زیاتر دەیپارێزێت کە دامێنە، وپاش ئەم گرێبەستیە وەکو گیراوێکە لە لایەن مێردەکەیەوە، بۆیە ئەم شەریعەتە دادپەروەرە میهرەبانە دانایە ڕوخسەتی بە ئافرەت داوە بە ئارەزووی مێردێکی چاک هەڵبژێرێت، چونکە ئەو دەبێت لەگەڵ مێردەکەیدا بژێت بۆیە ڕەزامەندی خۆی مەرجی سەرەکیە بۆ ئەم هاوسەرگیریە، بۆیە ڕێگەپێدراوە سەیری ئەو کەسە بکات کە دێتە دخوازی، وهەروەها دەبێت ئارەزوو وداواکارییەکانی لێکبداتەوە پێش بەستنی گرێبەستی هاوسەرگیری. بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە مارەکردنی ئافرەتێک کە پێشووتر هاوسەرگیری کردبێت (تەڵاقدراو یان بێوەژن بێت) هەتا خۆی فەرماندەکات وڕازی دەبێت لەسەر ئەم مارەییە. وهەروەها نەهی کردووە کە مارەیی ئافرەتێک کە پێشووتر هاوسەرگیری نەکردبێت (کچ بێت) هەتا ڕوخسەتی لێوەردەگیرێت، چونکە ئافرەتی کچ زۆرجار بەشەرمترە لە ئافرەتەکانی تر بۆیە داواکردنی ڕوخست لێی ئاسانترە لە لای لەوەی فەرمان بکات، ونیشانەی ڕازی بوونیشی بێدەنگ بوونیەتی.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6088